هەڵمەتی لەناوبردنی سەگ تا کەی بەردەوام دەبێت؟

سلێمانی، وێنەی یەکێک لەو سەگانەی ژەهر خواردیان کراوە

فۆتۆ: هانا

ژەهرخواردکردنی ئاژەڵان بەردەوامە. لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لە سلێمانی هەڵمەتێکی لەناوبردنی سەگ بەڕێوەچوو کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە سەگی سەر جادەو ناوچەکانی کەنار سلێمانی لەناوبران، هەر لەماوەی چەند هەفتەی رابردووشدا هەڵمەتێکی تری لەم جۆرە لە گەرمیان بەڕێوەچوو تیایدا نزیکەی ٤٠٠ سەگ کوژران.

هەڵمەتەکانی لەناوبردنی ئاژەڵان لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرمانی (سترکنین سەلفەیت) دوە لەزۆربووندایە، کوشتنێکی زۆر نامرۆڤانە و دڕێژخایەن و پڕ لە ئازار کە ماوەی دوو کاتژمێر و یاخود زیاتر دەخایەنێت، ئەم ئاژەڵە بە خواردنی حەپی سترکنین پەلەکانی لەجوولە دەکەون و توانای ڕۆیشتنی نامێنێت و پەلەقاژەی تێدەکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا توشی گرژبونێکی تەواوی ئەندامەکانی ناو لەشی دەبێت و تا لە کۆتاییدا بەهۆی لەکارکەوتنی کۆئەندامی هەناسەیەوە توانای هەناسەدانی نامێنێت و دەخنکێت.

دەبێت بەزەیی ئێمەی مرۆڤ لەکوێ بێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە هەڵمەتانە بەبیانوی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، لە کاتێکدا زۆرجار لاشەی ئەو سەگانەش بە تەواوی کۆناکرێنەوە و جێدەهێڵرێن و ئەمەش مەترسییەکی زۆر خراپتری هەیە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەچاو سەگێکی زیندو. لەبری ئەمە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی ئەم ئاژەڵانە لە ناو شارەکان دووربخرێنەوە و کوتانیان بۆ بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بەشێوەیەك کە مافەکانی ئاژەڵی تیا پێشێل نەکرێت.

لە لێدوانێکدا د.ئاری سەلاحەدین بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری سلێمانی وتی"دوای ئەوەی هاوڵاتیان پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن و بێزاری خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر هەبوونی سەگ لە نزیك ماڵەکانیان و داوا لە ئێمە دەکەن کە ئەو سەگانە لەناوببەرین، ئێمەش هەڵدەسین بە ئەنجامدانی ئەرکی خۆمان بە ناردنی تیمی تایبەت بۆ هەستان بەم هەڵمەتانە، بەدڵناییەوە ئەمە پاش ئەوەی دڵنیا دەبینەوە کە ئەم سەگانە خاوەنێکی دیاریکراویان نییە."

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە پاش لەناوبردنی سەگەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی لاشەی سەگەکان کۆدەکرێنەوە و لە شوێنێکی دوور لەچاڵ دەنرێن.

د.ئاری وتی"راستە ئەم شێوازە کوشتنەی ئاژەڵان بەبەزەیی نییە، بەڵام ئەگەربێتو ڕێکخراوەکانی پاراستی ئاژەڵان هەستن بەوەی ئەم سەگانە لە شوێنێکی تایبەت کۆبکەنەوە ئەوا ئێمە هاوکاری خۆمان ڕادەگەیەنین و ئامادەین بە هەموو شێوەیەك یارمەتیان بدەین لە پێدانی دەرمان و تەنانەت کوتانی سەگەکانیش بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی، بەڵام کۆکردنەوەی سەگ و یاخود دوورخستنەوەیان ئەوە کاری ئێمە نییەو دووبارە دەڵێمەوە ئەگەر بێتو لایەنێکی تایبەت و پەیوەندیدار هەستێت بەو کارە ئەوا ئێمەش خۆشحاڵ دەبین بەوەی کە ڕێگەچارەیەکی باشتر بدۆزینەوە بۆ پاراستی بەرژەوەندیی هەردوولا لەبری کوشتنی ئەو سەگانە."

ئومێد ڕەزا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزانی کوردستان بە هاوڵاتی وت"ڕێکخراوەکەمان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دامەزراوە و ماوەیەکی زۆرە ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ پاراستی ئاژەڵانی سەر شەقام و پاراستنیان لەم جۆرە هەڵمەتی کوشتنانە، بەڵام بەداخەوە هیچ لایەنێك هاوکارمان نەبوون لەبەدەسهێنانی پێداویستەیکانمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئاژەڵان و لە هەوڵی ئەوەداین یاسایەك دابنرێت بۆ پاراستنی ئاژەڵان لە کوردستان."

بڕینەوە و تەخت کردنی ڕووبەرە دارستانیەکان بەرەو کوێمان دەبا!

زەوی بەرەو وشکبوون دەڕوات، لەلایەکەوە درەختەکان دەبڕدرێنەوە بۆ بەکارهێنان لە دروستکردنی کەلوپەلە جیاوازەکاندا و زەوییەکانیان بەکاردەهێنرێن بۆ پیشەسازیی جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، لە لایەکی ترەوە دارستانەکان لەناوەدچن بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەشوهەوای زەوی دا ڕوودەدات.

سێ لەسەر چواری ئەو ڕووبەرە دارستانیانەی ڕۆژانێك سەر ڕووی زەویان داپۆشیبوو نەماون.

هەتا ئێستا ٧٢٪ی ڕووبەرە دارستانیەکانی ئیندۆنیسیا و ١٥٪ی دارستانەکانی ئەمازۆن لەناوچون بە شێوەیەکی هەتایی بەبێ بوونی هیچ هیوایەك بەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان دووبارە سەوز ببنەوە، هاوشانی ئەمانە دارستانەکانی کۆنگۆش لە ژێر هەمان مەترسیدایە.

ڕەنگە هۆکارەکانی بڕینەوەی درەخت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری سەر زەوی جیاواز بێت، بەڵام ئەوەی هاوبەشەو گومانی تێدا نییە ئەوەیە کەهەموو درەختەکان بەهۆی چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤەوە دەبڕدرێنەوە، واتە مرۆڤ لەپشت کارەساتی نەمان و لەناوچوونی دارستانەکانەوەیە.

پیشەسازییەکانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ هۆکاری سەرەکیی لەناوچوونی درەختەکانن، دارستانەکان لەناودەچن بۆ بەردەوامبوونی بەخێوکردنی ئاژەڵان وەك سەرچاوەیەکی خۆراك، درەختەکان دەبڕدرێنەوە بۆ ئەوەی لە جێگایان پیشەسازی کشتوکاڵی ڕووەکە جیاوازەکانی دیکە گەشەی پێبدرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا پیشەسازییەکانی تری وەك کاغەز و کەلوپەلی ناوماڵ ڕۆژانە دەبنە هۆی بڕینەوە و لەناوبردنی ڕووبەرە دارستانیەکان.

لەمڕۆدا گۆڕانکارییە کەشو هەواییەکان دەستێکی تری هەیە لە پڕۆسەی لەناوچونی دارستانەکان، بەرزبونەوەی پلەی گەرما مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر درەختەکان بەوەی کە دەبێتەهۆی زیادبوونی دیاردەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و مردنی درەختەکان و زۆربوونی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا.

باشترین چارەسەرێك کە بکرێت بۆ ڕێگریکردن لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کەشوهەوای زەویدا دێت، ڕێگریکردنە لە بڕینەوەی درەختەکان و هەوڵدانە بۆ زیادکرنی ڕووبەرە سەوزاییەکان.

بەڕێکردنی کەمپینی ئاوی شیاو بۆ مەلەکردن

لەچوارچێوەی پڕۆژەکانی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان، لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی عێراق-پاریزەری ئاو چالاکیەك ئەنجامدرا سەبارەت بە پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ ئەوەی شیاوی خواردنەوە و مەلەکردن و ڕاوەماسی بن.

چالاکییەکە بریتی بوو لە مەلەکردن لە دەریاچەی بتوێنەوە بۆ دەریاچەی دوکان، هەریەك لە نەبیل موسا-پاریزەری ئاوو بێس نیوتن هەستان بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە. پاش ئەوەی شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی لە نزیك دەریاچەی بتوێن مانەوە و بەیانی هەینی کاتژمێر ٥:٣٠ی سەرلەبەیانی دەستیان کرد بە مەلەکردن بەرەو دەریاچەی دوکان بە درێژایی نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لە ماوەی ١٠ کاتژمێردا.

نەبیل موسا-پاریزەری ئاو بە هاوڵاتی وت"چالاکییەکە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری پێویست بوو، پاش ئەوەی دەستکرا بە مەلەکردن هەر دوو کاتژمێر جارێك لەگەڵ بێس ی هاوڵم پشوویەکی کورتمان وەردەگرت و بڕێك ئاومان دەخواردەوە کە لەمەدا تیمێکی سروشتی عێراق هاوکارمان بوون کە بە بەلەم لەگەڵماندا بوون لە ئاوەکەدا و سەرقاڵی بەدۆکیومێنتکردنی چالاکییەکە بوون، کە بڕیارە لە داهاتوودا چەند فلیمێکی دۆکیومێنتەری لەسەر پڕۆژەکە بکرێت"

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە چالاکییەکە وتی"خۆشبەختانە چالاکییەکە بەبێ هیچ کێشەیەك بەڕێوەچوو و هیوادارین مەبەستەکەمان بگات بە خەڵکی و هەموو کەسێك لەلای خۆیەوە هەوڵی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان بدات"

هەروەها وتی "ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی بوو و بەهیواین لە داهاتوودا کەمپینی گەورەتر ئەنجام بدرێت و خەڵکانێکی زۆرتر بەشدار ببن."

فۆتۆ: سروشتی عێراق